دارشەقەکانی نیشتمان

واز لە لاوە مردووەکان بێنن ...

چەند شەرمن ... شاعیرانە پاڵا کەوتوون

بەو ژنە بسك درێژانە بڵێن .. سینە واڵا

با چیدیکە نەزریکێنن .. نەبا لە خەو راچەنن

وای لە لەرزە و بریسکەی تنۆکی ئارەقە بە تەوێڵیانەوە

زەنگۆڵا زەنگۆڵا دەتکێنە نێو کاکۆڵی رەشیانەوە

من قەت نەمزانی مردووان ئەوەندە ئاسوودەن

خۆش بە حاڵیان .. چیتر خەون بە مەرگەوە نابینن

دەوریان مەدەن .. توخوا بەری خۆریان لێ مەگرن

کۆڵێ سارده دونیا ئازیزان

کە رووتن .. چاویان تێ مەبڕن ..

ئەوەتا لە شەرمی شەبەقی ئەو برینانەی سەر سینەیان

دڵۆپ دڵۆپ ئارەقە دەردەدەن

توخوا چی دی لەوە پتر ماندوویان مەکەن

چیتانە .. بۆ بە زۆر چنگیان دەکەنەوە

لەو تۆزە خاك و خۆڵەی نێو لەپیان گەڕێن

کە بۆ سەفەرێکی بێکۆتا دەیبەن

نا ... ئەو چاوە گەشانە بە زۆر لێك مەنێن

ئەمەیان دوا هەلە و ... هێشتا حەزیانە لە شینایی ئاسمان..

رامێنن

لە جریوە جریوی ئەم شەوی ئەستێران

هەواش سپڵەیە دەرهەقیان

تا هەنووکەش زاریان کراوە .. بە هەویای هاوارێك بوون:

دەرنەهات

خۆش بە حاڵیان .. لەمڕۆ بەدواوە چیتر درۆیان ناکەن

ئیتر لەمڕۆ بەدواوە ... نە چاوەڕێی کەس دەکەن ..

نە کەسیش لەبەر دەرگا و پشت پەنجەرەکان

چاوەڕێیان دەبن

ئیتر تەواو ... سەرتاشین ... هەمیشە پێڵاو لەپێکردن

رەختە و فیشەك لەخۆدان ...

هەمیشە خەنینەوە بە درۆ ... کڕنۆش بردن

ئیتر تەواو ڕێ رۆیین و خۆپیشاندان ...

هوتاف و ... چەپڵەکوتان

هەر رۆژە و هەڵواسینی وێنەی دیکتاتۆرێك و

لابردنی ئەویدیکەیان

تەواو ... راکردن بە دوای تراویلکە و خەونە هەڵاتوو ..

هەڵوەریوەکان

ماڵئاوا ئەی سروودە خوێناوییەکانی نیشتمان

ئەی ئەو دروشمانەی زۆر زوو بەکوشتت داین

ئەو دروشمانەی بێناز وان لەسەر دیواری

ئاودەستخانەکان ...!

چ زووو فریومان خوارد ... دەستخەڕۆ بووین

سەفەرو شۆڕش هەر لەوێ خۆشبوو..

لە ژێر زەمینی شێدار و لەبەر روناهی زەردی چرای خەفە و ..

لە نێو لاپەڕەی هەڵوەریوی کتێبە زۆر زەرد و ...

قاچاخەکان

ماڵئاوا ئەی نیشتمانی یادە تاڵا و جەرگبڕ و ...

هەر دەم تەڕەکان ..!

خوشکە رەش پۆش .. دایکە جەرگبڕاوەکان

بمانبەخشە.. وڵاتی خاکەسار ...

ئێمە لە ژێر باری گرانی کۆستەکانی تۆدا ...

پشتمان کۆم و ... ئەژنۆمان شکا...

لە حەژمەتی نەگەیشتن بە روخساری خواهانەی تۆ ...

لە سەفەری نێوان مەرگ و مەرگدا خوێنمان تکا

هیلاك بووین ئەوەندەی لە پرسەی خۆمان دانیشین

ئەوەندەی لە شایی و گۆڤەندە پڕ درۆکانت ..

سەرچۆپی کێش بین ...

ئەی نیشتمان .. دەڕۆین و لە خەمی ئەو گەڕەکانەداین ..

کە پڕن لەو کەلاوانەی شەرمنانە و شان شکاو

بە حاڵا بە پێوە وەستاون ..!

دەستگیرانە نەباڵقەکانمان بە تۆ سپارد ..

نەهێڵی بکەونە سەر جادە و نێو مەزاتخانەکان

ئێمە لە شەرم و حەیبەتی ئەوە مردین

تەنها وەڵامێکمان پێ نەبوو بۆ ژنە جەرگ سووتاوەکانت

ئەو مناڵە مل باریکانەی لە برسان چڵمی خۆ دەخۆن

شەرم لەو چۆلەکانەی نەمان هێشت ئاسوودە

لەسەر درەختە خەمگینەکانت بسرەون

شەرم لە بێچووی ئەو حاجی لەقلەقەی لە بان منارەی ..

خانەقا کوشتمان ..

هۆ نیشتمان .. ئێمە هیچمان لە تۆ ناوێ

تۆ .. ئەی دایکی هەمیشە گرینۆك و جزدانی عانە زەردەکان

چی لە بێوەژنێکی تەنیا و کەنگرفرۆش داوابکەین

کە لەژێر چەتری دوکانی عەتارەکانی شار ..

بەرانپیلی رادەخست و بە تۆڵەکە و کنگر و کاردو ... بەخێوی کردین

هیچمان لە تۆ ناوێ ئەی نیشتمان

لێرەوە بۆ دۆزەخ سەفەرێکی نەبڕاوە و گەلێ درێژە

هەر یەکە و دارشەقێکمان گەرەکە .. هۆ نیشتمان

بە رۆڵە سپڵە و بێمروەتەکانت بڵێ ..

با واز لە دەست و پەنجەی قرساو و چنگی نووقاومان .. بێنن

ئەو تۆزە خۆڵا و قوڕەی تۆ بوو ... دوامیراتمان

با کەس خۆی ماندوو نەکا .. دایە گیان

لێرەوە بۆ جەرگەی دۆزەخ سەفەری .. عومرێکە هاوڕێیان

سوپاس بۆ دارشەقەکان و ..

ئەو تۆزە خۆڵەی نێو چنگمان

سوپاس بۆ سرووده فریودەرەکانی تۆش ..

ئەی نیشتمان ..!